# 31ئاب 1996 خیانەتی نەتەوەیی و نیشتیمانی بوو



## عوسمان عەلی عومەر

سەرەتا ئەمەوێ ئەوەبلێم هیچ پەخشانێ هیچ هۆنراوەیە هیچ پاساوێ ناتوانێ خیانەتی 31 ئاب لە بیرۆهۆشی تاکی کورددا بسرێتەوە چونکە ساڵی 1900 نەبووە بەڵکو 1996 بوو 19 ساڵ بەرلەئیستا . وەک کوردێ با ئینتیمای حیزبی لێ بچێتە دەر بەخیانەتیکی نیشتیمانی و نەتەوەیی دەزانم لەبەر ئەوەی پەلکێشی سوپای دوژمن کرا ، خۆشم یەکێتیم ، گەر یەکێتی ئەوەی بکردایە هەر بەخیانەتم دەزانی . خیانەت هەر خیانەتە ، چ گەورە چ بچوک بێ .

شەری ناوخۆ یەکێکە لەو کارەساتانەی بەسەر گەلان دێت ، هەر تەنها کورد شەری ناوخۆی تێدا بەرپا نەبووە بەڵکو زۆرێک گەلانی پێشکەوتوی دونیای ئەمرۆمان شەری ناوخۆیان تیدا بەرپا بووە پێی مێژووەکەیان ئەیان خەمە روو ، لەوانە شەری ناوخۆی نەرویج 1130-1240 شەری دووگوڵەکە ( الوردتين wares of the roeses) لە ئینگلترا 1455 – 1485 ، شەری

ئۆنین لە ژاپۆن 1467 -1477 ، شەری ئاینی لە فەرەنسا 1562 – 1598 ، شەری ناوخۆی ئەمریکا 1861 – 1865 ، شەری ناوخۆی رووسەکان 1917 – 1921 ، شەری ناوخۆی فینلەندا 1918 ، شەری ناوخۆی ئایرلەندا 1923 – 1924 ، شەرە ناوخۆکانی چین سالەکانی 1928 و 1937 و 1945 و 1949 ، شەری ناوخۆی ئیسپانیا 1936 - 1939 ، شەری ناوخۆی لوبنانی 1975 - 1990 شەری ناوخۆی ئەفغانستان 1992 - 2001 * شەری ناوخۆی کوردستان 1966 - 1970 و 1994 - 1998 .....

رۆژی 19 / 5 / 1992 رۆژێکی مێژوویی بوو بەنیسبەت گەلەکەمانەوە پاش چەندین سال لەچەوسانەوە خەلکی کوردستان بەخۆشی و جلی ئالاو والاوە چونە سەر سندوقەکانی دەنگدان و یەکەم هەلبژاردنی ئازاد بێ لەعیراق و کوردستان دا بکرێ و پشتیوانی لێکرا لەلایەن دەولەتە زلهێزەکان و وولاتە ئەورووپیەکان ، لەگەل ئەوەی کە یەکێتی ئەیزانی پارتی تەزۆیراتێکی زۆری کرد بوو هەر نەیدەویست گرژی و ئالۆزی بکەوێتە نێوانمان بۆیە سەرەنجامی فیفتی بە فیفتی رازیبون و دواتر پەرلەمان پێکهێنراو یەکەم حکومەتی هەرێم بە سەرۆکایەتی کاک دکتۆر فوئاد مەعێوم لە 1992/7/4 و پەرلەمانیش لە لەمانگی 6/ی 1992 بەسەرۆکایەتی جەوهر نامیق بوو .

شەری ناوخۆی ئەمجارە وەک پیشمەرگەو عدد بیتەلیک ئەتوانم بلێم لە 5/2 /1994 لەناوچەی قەلادزە گرو بلیسەکەی تەشەنەی کرد کە لەژێر دەسەلاتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوو ، هێزێکی بنەمالەی بەرزانی ( کورەکانی حەسۆ میرخان ) کە کاتی خۆی لەو ناوچەیە بوون مولک و مالیان هەبووە بەنیازی وەرگرتنەوەی ئەو مولک و مالە بەزۆر وەرگرنەوە بەلام هەڤالانی خۆمان و خەلکی ناوچەکە لێیان قبول ناکەن و چەند بەلگەیەک ئەخەنە روو ، کە ئەوە مولکی ئەوان نییەو کاتی خۆشی بەزۆرداری داگیرکراوە و قەلادزە لەسالی 1989 تەخت کراوە ئەی ئەوکاتە ئێوە لەکوێ بوون ، دواتر تەقە لە کومیتەی یەکێتی ئەکەن و مام جوتیار شەهید دەبێ و عەلی نەبیش لەودەقەرە دەبێ و هێز کۆدەکاتەوەو پەلاماریان ئەدەن و دواتر ئەویش شەهید دەکرێ ، بۆیە پیشمەرگەکان کونترۆلی خۆیان لەدەست ئەدەن ئەوانەی تەقەیان کردوون هەموویان ئەکوژرێن . وەک لەیادم بێ جەنابی مامجەلال لەدەرەوەی وولات بوو بەپەلە بروسکەیەکی نارد لە رێگای بیتەلی مەکتەبی شامەوە بۆ کاک مەسعود زۆر باش دەقەکەیم بیر نەماوە بەلام ناوەرۆکەکەی ئەوە بوو "

تکای برایانەم ئەوەیە بە حیکمەت و عەقل و مەنتیق و هیمەتی خۆت بخەیتە گەر بۆ ئەوەی نەهێلدرێ لەوناوچەیە زیاتر تەشەنە بکات و لیژنەیەکی لێکولینەوە لە هەر دوو سەرکردایەتی و م . س پیکبهێنرێ بۆ لێکولٓینەوە لەو ڕووداوە و بەڵێنی ئەوەش ئەدەم کە هەرکەسێک تاونبار بێت لای خۆمانەوە سزای قورسی ئەدەم و ئێوەش بەهەمان شێوە " .... دووبارە ئەڵێم هیمەتی برا گەورەییت بخەیتە گەر ، تا زووە ئەو کیشەیە چارەسەرو مەحدود بکرێ "، بەلام هێزەکانی پارتی کەوتنە ڕێگە گرتن و خالی پشکنین دانان لەزۆر شوین بۆ گرتنی پیشمەرگەکانی یەکیتی و بەنمونە خۆشم ئەورۆژە بەنیازی چون بووم بۆ قەلاچوالان ویستم بە کەسنەزان دا بڕۆم بە سەیارەی سکرتاریەت ، بەلام کە گەیشتینە نزیک ئەوێ هەستمان کرد کە سەیتەرەیان داناوە زۆر لێیانەوە نزیک نەبوین بۆیە ڕێگەکەمان گۆری و گەراینەو بەقوشتەپەدا تێپەرین ، ، بەلام زۆر قارەمانی وەک شەهید حەسەن کویستانی لە 5/17 ی هەمان ساڵ و شەهید ریباز و چەندین پیشمەرگە بەغەدرو فیل و خیانەت شەهیدکران .

بەرە بەرە گرژی و ئالۆزیەکان تا دەهاتن زیاتر ئەبوون هەرچەندە هەولی زۆر درا بۆ چارەسەر کردن لەلایەن یەکیتی بەلام پارتی هەرخۆی ساز ئەدا و یەکێتیش لەولاوە خۆی ساز ئەدا تا گەیشتە ڕادەی هێرش کردنە سەر بارەگاکانی یەکتر لەناو شارو شارۆچکەکاندا ، پارتیش هەندێ ڕێگای وەک کەسنەزان و ڕێگای ڕەواندزو ئەوانەی بەرووی هیزەکانی یەکیتی دادەخست و ناچار هیزەکانی خۆشمان بەرەو رویان دەبونەوەو لەهەندێ لەو شەرانەدا هیزەکانمان بالا دەست دەبوون و لەهەندێ شوین ئەوان ، هەولیریش وەک پایتەختی حکومەتی هەریم لەژێر دەسەلاتی خۆمان بوو . پارتی بەرای من کەوتبوە سەرپێی خۆی و منەتی کەسی نەدەزانی لەگەل ئەوەی لەزۆر بوار و مناسەبەت دا یەکیتی بە هاوپەیمانی خۆی دەزانی بەلام هەر باوەری بە مام جەلال و یەکیتی نەدەکرد ، من وەک پیشمەرگەیەک ئاگاداری ئەوەم چۆن قەناعەتیان بە مەسعود بارزانی کرد کە باوەر بهێنی بە راپەرینی 1991 و بە چ جۆرێ هاتنە خوارەوە ، پارتی کەوتبوە تەسفیەی حسابات یەکێ لەوانە لیدانی سورچیەکان بوو چونکە کاتێک لەکاتەکان دژیان بوون .

شەرەکان تا دەهاتن توند تر دەبوون لەزۆر شوینەکان خۆمان بالا دەست بوین و پارتی پاش دەرکردنیان لە هەولیر دوو سێ هیرشی زۆر بەهێزیان کرد بەلام ئەنجامی شکست بوو بەداخەوە چەندین پیشمەرگەی قارەمان و فەرماندەی وەک فاقە مەخموری شەهید وبریندار بوون .

شەرەکان درێژەیان کیشا و لەسالی 1996 یەکیتی تەواو تەنگی بەپارتی هەلچنی بوو گەر لە رۆژەکەی هەلەنەبم شەوی 18/17 ی ئاب هێزەکانمان لەقۆلی رەواندز هیرشێکی بەرفراوانیان کرد و تەنانەت توانیان شەقلاوەو شاخی سەفین کۆنترۆل بکەن و سەرپی رەش کەوتە بەر مەترسی ، پارتی تەنها دهۆک و زاخۆو ئامیدی و حەوزی بالەکایەتی و جادەی هاملتۆنی بەدەستەوە مابوو . لەولاشەوە هیزەکانمان پلانی ئەوەیان دانابوو کە لەدیوی ئیرانەوە ئەو ناوچەیەش پاکبکرێتەوە تا دەگاتەوە رەواندز بەلام بەداخەوە سەرکەوتونەبوین لەوهیرشە ..... ئەوکات بەندە لە هەولیر لەناو سکرتاریەت کاریی بیتەلیم دەکرد و بەهەوڵی خۆمان و ڕێکخستنە نهێنیەکانمان کە پەیوەندیان بەجەنابی کاک کۆسرەتەوە هەبوو توانی بوومان خەرقی بیتەلی مەسعود بارزانی و م . س و لق و ناوچەو هیزە سەبازیەکانیان بکەین و هەر هەوڵێکی هیرشیان هەبوایە یەکسەر زانیاریەکانمان ئەگەیاند بەهیزەکانمان و هیرشەکانیان پوچەل دەبووە ، چەندجارێ ئەوەمان دوبارەکردەوە بەلام سەرەنجام ئەوانەی ئەوکارەیان دەکرد بۆمان دیارە کەشف ببون ئەوەی دەرچوو دەرچوو ئەوەی تر ئاگادارنیم چیان لێبەسەرهات .... بەپێی ئەو زانیاریانەی هەمان بوو لە 20 و 21ی مانگ نیچیر بارزانی و ئازادبەرواری بەنامەیەکی مەسعودەوە نیردرابوون بۆ بەغدا و داوای هاوکاری سەربازیان لە سەدام حسین کردبوو ، ئەویش بە ئیجابی وەلامی دابونەوەو وەعدی هاوکاری پێدابوون سەرەتا بە هەندێ چەک و فیشەک گوللە تۆپ و تەقەمەنی بەلام لەلایەکی ترەوە هێزەکانی فەیلەقی یەک و پینج و هیزەکانی گاردیی کۆماری وەک قوات عدنان و الله و ئەکبر و هیزەکانی تۆپخانەی ئەو گاردانەو لیوای 39ی پیادەو لیوایەکی زرێپۆش و لیوایەکی تایبەتی پیادەو چەند یەکەیەکی تر کە ناوەکانم بیر نەماوە لەگەل هێزێکی تانک ، کە تەقدیر ئەکرا بە 700 تانک هیزی هەلیکۆپتەر بەسەرکردایەتی هاشم سولتان و سەرپەرشتی قسەی کوری سدام و چەندین ئەفسەری پلە بەرزی سوپای عیراق خرابونە ئینزارەوە و چاوەروانی تەنسیقی تەواو بوون لەگەڵ پارتی ، کەچۆن واکەی هیرشەکە بکرێ و هەر بەپێی ئەو زانیاریانەی پێیان دەگەیشت سەرەتا

بریار وابوو کە 27 یا 28 ی ئاب هێرش بکەن ، بەلام بەهۆی ئەوەی هەولێر لەناوچەی دژە فرین بوو سوپای عیراقیش بەبێ پشتیوانی هیزی ئاسمانی نەی دەویست هیرش بکات ، چونکە پێشمەرگەکانی یەکیتی دەناسی چۆن شەر دەکەن ، گەر ترسی هیزی ئاسمانییان نەبێ و سوپاکەی جارێکی دی لوت دەشکیننەوە . ئەوهیرشانە بەسەرکردایەتی ( حمید رەمەزان العزاوی ) و فەرماندەی فەیلەقی دوو لیوای پیادەی 15و کەتیبەیەکی دەبابات بەسەرکردایەتی عقید رکن فلاح حسن سابت و عمید رکن نزار یونس و لیوای 48 ی پیادە بەسەرکردایەتی حسین عبد علی و هیزەکانی گاردی کۆماری و ئەو کردە سەربازیەیان ناو نابوو ( اب المتوکل ) .

بەرای من پارتی لەوە سەرکەوتوو بوو ، کە قەناعەت بە ئەمریکیەکان و تورکە هاوپەیمانەکانی بکات و چرای سەوز بۆ سوپای عیراق داگیرسێنن بەو بیانوەی کە ئیران و سوپای پاسداران تەواجودیان لەهەولێری پایتەخت زۆر بووەو مەترسی زۆرە کە کوردستان بکەویتە ژیر دەسەلاتیان و پشتگیری یەکیتی ئەکەن و ئەمریکاش دوژمنی سەرسەختی ئیرانیەکان بوو ، بەلام لێرەدا ئەوکات ئەو پرسیارەم بەمێشکدا هات ئەمریکایەک بەو هەموو ( سی ئای ئەی ) یە بەهیزە چۆن نەیتوانیوە ڕاستی دروستی مەسەلەکان نەزانن ؟ یاهەر مەبەستیان بوو کەمێ لە هەیمەنەی یەکیتی بدەن ووشیاری بکەنەوە ؟

بیگومان جەنابی مام جەلال خەلکانی وای هەبوو کە زانیاری راست و دروستی بگەیەننە دەست بۆیە یەکیتی هەموو شتێکی لەسەر جموجولی پارتی ئەزانی بەلام ئایا یەکیتی هیندە متمانەی بەهیزەکانی خۆمان هەبووە کە توانای شکست پێ هینانی سوپای بەعسیان هەبێ ؟ یا باوەڕیی جەنابی مامجەلال و فەرماندەو سەرکردەکان وابووە ، کە ئەوە کردەوەیەکی مەحدود دەبێ پێویستی تەنها و تەنها بە خۆراگریی هـ پ ک هەیە ؟ یا جەنابی مام جەلال ئەوەندە متمانەی بە ئەمریکیەکان هەبووە ، کە ناهێلن سوپای بەعس هیلی 36 تێپەرینێت ؟ ئەم پرسیارانە ڕۆژی 31ی ئاب و ئێستاش هەر لە مێشکما ئەخولیتەوە .

پێش 31 ی ئاب چەند جارێ بەهاوەن و کاتیوشا هێرش کرایە سەر هەولێر و بەتایبەت سکرتاریەت و مەکتەبی سیاسی . بەرای من ئەو ڕۆژە چرای سەوز درا بەسەدام کە ئاغای

محەمەدی کە لای خەلک بە ئاغای ( مطري ) ناسرابوو هینرایە سلێمانی و لەویشەوە بۆ هەولێر لەویش قسە بە ئەمریکیەکان بلێت . بۆ مێژوش ئەیلێم هیچ یەکەیەکی سوپای پاسداران نە لەشەرەکان بەشداریان کردووە جگە لەو بارەگایانەی عیلاقات کە پارتیش هەیبو لە مەسیف و خوشمان لە سلێمانی و هەولێر هەمان بوو ، لێرەدا پرسیارێک خۆی دینێتە پێش بۆچی بۆ پارتی حەلال بێ یارمەتی لۆجستی لە تورکیا و سوپای بەعس وەربگرێ بۆچی بۆ یەکێتی حەرام بێ یارمەتی لۆجیستی لە ئێران و بەپارەی خۆی بکرێ ؟ . لەو کاتەوەی ئەو هەوالانەمان زانی ، کە پارتی و بەعس بەنیازی هێرشی سەر هەولێرن هەموو عدد بێتەلەکان بەشەو و رۆژ بەدیار بێتەلەکانمانەوە بوین چەندین رۆژ بوو هەرچەندە ماڵ و منالەکەم لەناو هەولێر بوون نە دەرۆیشتمەوە بۆلایان نەشم دەزانی حاڵ و بالیان چییە ؟ چونکە ئەوکاتە هێلی تەلەفۆنمان نەبوو نە مۆبایلیش هەبوو وەک ئێستا تەنها لەو رۆژە شومەدا چەند جارێک لەتەلەفۆنی ماڵی دۆستێکمانەوە خیزانەکەم تەلەفۆنی بۆکردم کە لەناو سکرتاریەت دەرچم و خۆم دەربازکەم چونکە ئەیانزانی لە هەر چوارلاوە دەورە دراوین ، منیش وەلامم ئەدایەوە ئەموت هێشتا هیرۆخان لەناو سکرتاریەتە ، کە دەرچووم لەگەڵ ئەوان دەردەچم و بەفیعلی تا هەموو بەلگەو دەفتەرەکانی بروسکە بەئاگاداریی دادە هیرۆ هەمویم سوتاند و هەندی لەو بێتەلانەی کەهاتبونەوە لامان بێگومان بەندە هەر تەنها خۆم نەبوم بەلکو وەستاعبدول و فاروق پێکەوە بوین لەگەل ئەو عدد بێتەلانەی ئەهاتنە لامان ئەمان شکاندن و تێکمان ئەدان و ئەمان خستنە بیری پیسایەکانەوە بۆ ئەوەی پارتی هیچ سودێکیان لێوەرنەگریت ، تەنها بێتەلەکەی خۆمان مابوو ، زۆرجار کە مام جەلال دەهاتە خەت بۆقسەکردن هەندێ قسەیان لەگەل دەکرد و دواتر بانگی منیان دەکرد کە قسەی لەگەڵ بکەم لەڕێگەی بێتەلەوە ، جەنابی مامجەلال چەندجار قسەی لەگەڵ کردم لەرۆژی 31 ی ئابدا کە هێشتا هەولێر نەگیرا بوو " هەوال و دەنگو باسەکانی لێ پرسیم ، منیش بە ووردی ئاگادارم دەکردەوە کە شەرەکان هێشتا بەردەوامن و هەندێ لەهیزەکانمان پاشەکشەیان کردووە لەشوینەکانی خۆیان ، بەلام نەگەیشتونەتە ناو هەولێر هەندێ بێتەلی جەبهەکان دەنگیان نەماوە تەنها ئەوەی کاک کۆسرەت و کاک بورهان نەبێت ماوەماوە دینە سەرخەت و هەندێک هەوالمان ئەدەنێ . فەرموی ئاگاداریی کاک کۆسرەت و سەرجەم فەرماندەکان بکەنەوە ، کە ئەمریکیەکان بەفرۆکە لە سوپاکەی بەعس ئەدەن " جارێکی

تر هەر بە بەیتەل دەوروبەری نیوەڕۆ بوو قسەی لەگەل کردمەوە ، دەنگوباسەکانی پرسی منیش ئەوەی بە بێتەلی بچوک پێم ڕاگەیەنرا بوو لەگەل هەوالەکانی بیتەلی کاک کۆسرەت ووتم بەگوێرەی زانیاریەکان  بەعەرەبی ئەوەم پێ ووت ( علی مشارف الحی العسکری ) هیشتا نەگەیشتونەتە لای پەرلەمان و کاک کۆسرەت هێشتا لە ئەنجومەنی وەزیرانە لەگەل فەرماندەکان و شەریش لای قوشتەپە هەرماوە پێدەچێ لەولایەشەوە پیشرەوی کرابێ گەر بەهەلەدا نەچوبم قسەشی لەگەل کاک کۆسرەت کرد بوو هەمان ئەو زانیاریانەی ئێمەیان پێ ڕاگەیاندبوو کەخۆیان ئیمەیان دابوو ..... دواتر ڕاست بوو فرۆکەیان بەکارهێنا بەلام منیش بە کاک ئاکۆی هاوکارم ووت کە لەقەلاچوالان بوو بە مام بلّل ڕاسپادەکەی ئەوم گەیاند بەکاک کۆسرەت و  فەرماندەکان بەلام بەمام  بلّێ " من پشتم دیشێ ئەو دێ قاچم ئەشێلێت " بەفرۆکە لەشوێنکی تریان داوە نەک سوپای هیرشکەر .... بۆ میژوو زۆربەی فەرماندەکان و جەنابی کاک کۆسرەت نزیکەی کاتژمیر 4 ی ئێوارە بوو هاتنەوە ناو سکرتاریەت و ئاگاداری هێزەکانی سکرتاریەت و دەوروبەری کرایەوە ، کە کار لەکار ترازاوە و ئێمە بەهێزەکانی کاک بورهان سەعید سۆفی و هێزەکانی تر ڕێگەی بادەوامان تامین کردوە بۆ دەرباز بوون ،  بەلام هەندێ لەو فەرماندانە ئەیان ووت لەناو سکرتاریەت دائەمەزرێین و شەر ئەکەین . لەولاشەوە لەپشتەوەی سکرتاریەت دەبابەکان بەدەرکەوتبوون تۆپیان ئەنا بەرەبایەکانی خۆمانەوەو لەسەر ڕێگەی مەسیفیشەوە ئەوەی ئاگاداربم جارێ لەدەرگای دووەمی سکرتاریەت چەند سەیارەیەکی میک زەمینی هەولّیان دا بێنە ناو سکرتاریەت ، وایان زانی بوو چولکراوە ، بەلام هیزەکانمان زۆر بوتوندی لێیان دان ، دواتر نزیکەی کاتژمیر 5 و 30 دەقەی ئێوارە خۆکۆکرایەوە بۆ دەرچون ئێمەش بەنیاز بوین بەو ڕێگەیەی کاک کوسرەت دابنابوو دەرچین ، ئەوان لەپێشەوە دەرچون بەلام لەهەندێك شوێنەوە تەقە لەهێزەکانمان کرا ، بۆیە گەراینەوە ناو سکرتاریەت لەسەر جادەی نەخۆشخانەی لەدایک بوون شەری دەستەویەخە لەگەلّ بەشێک لەهیزەکانمان ڕوویداو لە سەر بانی ئەومالانەی دەوروبەرەوە و دەرگای پێشەوەی سکرتاریەت هێرش ئەکرایە سەرمان و بۆ میژووش ئەوە ئەلّێم هیروخان دوو پیشمەرگە چووبونە بنبالی تا بەزۆر سواری سەیارەکەی بکەن و دەربازیی کەن ، چونکە دەیوت لێرە ناچمە دەرەوە .

نزیکەی کاتژمێر 6 و 30 دەقە ئێمەش لەدوای ئەو دەرباز بوین بۆ ئەوبەری سکرتاریەت ، بەلام هەر تەقەمان لێدەکرا گوێیان نەدایە و بۆ دواجار خواحافیزیم لەکاک ئاکۆ کردو پێم وت : تەواو ناتوانین چیتر پەیوەندی بکەین . ئەوکات بێتەلەکەی خۆمانمان تێک داو شکاندمان و دەرچوین لەگەڵ چەند برادەرێکی پێشمەرگە بەحوکمی ئەوەی شارەزای ناو هەولێر بووم ئەوانیشم لەگەڵ بوو بەلام ئەچوینە هەر کۆلانێک لەسەربانەکانەوە تەقەیان لێدەکردین و ئێمەش پیشمەرگانە خۆمان دەپاراست و چەند جارێک هیرۆخان و حیمایەکانی توشی شەرەتەقەی دەستەو یەخەبوون تا دواجار هیرۆخانیش ڕزگاری بوو لەیەک دابراین من و ئەو برادەرانە سەرەتا خۆمان کوتایە ماڵێکی سورچی و دواتر بەهەر جۆرێک بوو خۆمان گەیاندە ئەوماڵە دۆستەی کە پیشتر ئاماژەم پێدا بوو . زۆربەی ئەرشیف و بەڵگەنامەکان ، کە لەسکرتاریەت و ژورەکەی جەنابی مام جەلال بوو سوتینرا . بەپێ زانیارەکانم دوایی چەند ڕۆژێ کاک دکتۆر فوئاد و کاک ئارازی شێخ جەنگی و هەندێک لە برادەران لەلایەن پارتیەوە گیرابوون .

ڕۆژی 9/2 /1996 لەڕێگەی ڕێکخستنەکانمانەوە بە ئۆتۆمبیل بەناو هێزەکانی پارتی خۆم و منداڵ و خێزانەکەم و ئەوبرادەرانە بەچەند سەیارەیەک دەرچوین بەرەو کۆیەو لەوێشەوە بەرەو رانیە ، هەر ئەوەندە ماڵ و منداڵەکەم بینی ، بۆ رۆژەکەی تر گەیشتمەوە قەلاچوالان .

لەوکات و سەرەدەمەدا داڤید ویلش (David welch) Assistant secretary of stats for near eastern affairs واتە ( یاریدەری وەزارەتی دەرەوە بۆ کاروباری رۆژهەلاتی ناوین ( الشرق الادنا ) ، کە زۆر دۆستایەتی مامجەلالی دەکرد ، بەلام لەگەڵ ئەوەش گوێی نەدایە داواکاریەکانی مام بۆ نەهێشتنی جولانی هێزەکانی عیراق و پارتی پێکەوە .

بەرە بەرە هیرشەکانی پارتی و بەعس بەردەوام بوون تا گەیشتنە کۆیەو ، لەولاشەوە خۆیان ئامادە دەکرد بۆ هێرش کردنە سەر رانیەو چوارقورنە لەدووسێ قۆلەوە . بەرەنگاریەکی واشی لەگەل نەدەکرا سەرئەنجام شەو درەنگانێک دیار بوو پارتی و بەعس خۆیان کردبو بەسلیمانی دا ، ناچار ئێمەش خۆمان کۆکردەوە و لەگەل جەنابی مام جەلال لە قەلاچوالان دەرچوین و ، شەوەکەی هەر بەرێگاوە بوین بەیانی گەیشتینە شاناخسی . کەمێ پشومان داو نان و خواردنمان خوارد و

لای ئیواره بەرێ کەوتین بەرەو بانە و لەویشەوە بۆسەردەشت و دواتر قاسمەرەش و دواتر زەڵێ و لەوێ جیگیربوین و دەستمان کرد بەخەیمە هەڵدان زۆر ماندوو شەکەت و هیلاک بووین . سەرەرای ئەو هەموو ناخۆشیەش لەناو خۆماندا ئەمان ووت : ئیمە ماجەلانین ئیسپاتمان کرد کە زەوی خرە . خەڵکێکی زۆریشمان بەدواوە بوو لە قاسمەرەش و تۆکان و زەڵێ و ناوزەنگ و شینی نیشتەجێ بوون و خوا پیداوانیش لە شارەکانی سەردەشت و بانەو نەغەدەو ..... هتد ، نیشتەجێ دەبوون . بۆ میژووش ئەڵێم هەندێ لەوانەی پاسپۆرتی وولاتانیان هەبوو هەوڵی ئەوەیان ئەدا ، کە بینێرن بۆتاران بۆ تازەکردنەوە یا ڤیزە وەرگرتن لە سەفارەتی ئەو وولاتانەی لێی نیشتەجین . بەلام جەنابی مام زۆر بەخراپی لێیان تورە بوو ، فەرمووی : وا ئەزانن یەکێتی ئاشبەتاڵ ئەکات ، یەکێتی ئاشبەتاڵی بەئاشبەتاڵ کردووە ئەوە بارودۆخێکە هاتۆتە پێش پێویستی بە خۆراگری و ووره هەیە هەورێکی رەشەو ئەرەویتەوە .

پاش گەیشتنە زەڵێ کاتی دیڤید ویلش کاری تەواو بوو لەجێی ئەو رۆبێرت پیلییترۆ (Robert plelltreau) دانرابوو و یەکدوجار پیشتر قسەی لەگەلا کردبوو ئەمجارەیان جەنابی بەتەلەفۆنە سەتەلیتەکەی ئەحمەد چەلەبی قسەی لەگەل کرد دیار بوو ئەوەی خۆمان زۆرباش نەبوو ، گلەیی لە ئەمریکیەکان کرد ، دوای گفتوگۆ تەلەفۆنیەکە مام زۆر دڵی خۆش بوو هەردوای ئەوە بروسکەیەکی نارد بۆ هەموو فەرماندەو سەرکردەکان ، کە بێن بۆلای لەزەڵێ یەک دووڕۆژ کۆبونەوەی گەورە کرا و ، هیزەکان سەر لەونوێ رێکخرانەوەو پلان دانرا بۆ هێرش کردنە سەرپارتی و گەرانەوە بۆ کوردستان لەبەرئەوەی قسەکردنەکەی ماجەلال لەنزیک خەیمەکەی ئیمە بوو خۆشی بەدەنگی بەرز قسەی لەگەل دەکرد بەحکومی تیگەیشتنم لە قسەکانی کە بەئینگلیزی دەیکرد ، کە بەمزوانە دەگەرێینەوە و ئەوەی حالی بووم ، کە چرای سەوز بۆ یەکێتی هەڵکرا بۆ ئەوکارە دوای رۆژێک لەنزیک سەردەشت جەنابی چاوی بەهەندێ بەرپرسی ئیرانی کەوت و کۆبونەوەی لەگەڵ کردن ، دیاربوو مەسەلەی تەنسیق و هاوکاری لۆجیستی بوو لەگەڵ یەکێتی لەو کارە وەک لەپێشەوە ئاماژەم پیدا ، بۆ - بۆ پارتی حەلال بێ هاوکاری لەسەدام و تورک وەربگرێ بۆ - بۆ یەکێتی حەرام بێ بەپارەی خۆی هەندێ چەکی سوک و فیشەک و گوللەی تۆپ و کاتیوشا لە ئیران نەکریت بۆ سەرکەوتنی .

دوای یەک دوو رۆژ نیشانەکانی هاوکاری ئێرانیەکان بەدیارکەوت و هێزەکان پیداویستی خۆیان وەرگرت و گەرانەوە میحوەرەکانی خۆیان سەرەتا هێرش کرایە سەر قەلادزێ و رانیە بەسەرکردایەتی کاک مستەفای سید قادر و کاک محسن بایز و کاک محەمەد وەتمان و زۆربەی فەرماندەکانی ناوچەکە و لەماوەیەکی زۆرکەم هێزەکانی پارتی شکستیان خواردوو ، شەوی دواتر لەگەڵ جەنابی مامجەلال هاتینە رانیەو لەمالی ئاکۆی عەباس ئاغا میوان بوین و هەر ئەوشەوە روخەستم لێخواست بۆ چاوپیکەوتنی خیزان و منالەکانم کە لەرانیە بوون رێوشوینی ئەوەم بۆدانان کە بین بۆلام لەزەلێ چونکە هیشتا وەزعەکان روون نەبوون و پارتی هیرشی پیچەوانەی ئەکرد بۆ گرتنەوەی رانیە و قەلادزێ بەلام هێشتا سلێمانی لەژێر رەحمەتی جامانە سورەکان بوو ، لەو ماوەیەی ، کە لەسلێمانی بوون زۆر سوکایەتی کاری ناشایستەیان دەرحەق سلێمانی ئەنجام دابوو .

بەگویرەی زانیاری هەندێ لەهیزەکانمان لەمیحوەری سەیران بەند و هیزێکی تۆکە بەسەرکردایەتی کاک غەریب سەعید و کاک حەمەسور دوشیوانی و تۆفیق کانی وەتمانی چەند سەر تیپ و پیشمەرگەوە توانیان بگەنەوە ناوچەی سورداش دۆڵی خەلەکان بەبێتەلەوە ، هەر یەکەش لە ئەندامانی م . س و مەکتەبی عەسکەری میحوەرێکیان بۆ دیاری کرابوو بۆ هێرش کردنەوە سەر سلێمانی و رزگار کردنەوەی لە چنگی پارتی ، شەری قورس لەدەوروبەری قەلاچوالان کرابوو ، پارتی شکستی خوارد و راونرا ...... شەرێکی قورس لەسەر رێگای دوکان خەلەکان ئەنجام درا لەناو کوژراوەکان ( تحسین شاوەیس – کورەکەی بارزانی ) بوو .... سنوری دوو ئیدارەیی لەدێگەلەوە بوو .

www.wtarikurd.info/